# دەرگایەک بە کراوەیی بۆ خۆشویستن

موحسین ئاوارە

(١)

من بۆ گوڵێک چووم
دڕکێک لە پەنجەم ڕاچوو
ئەی ئەوەی سەبەتەیەک گوڵی پێیە بۆ فرۆشتن
دەبێ چەند پەنجەی ئاوسا بێ،
بە چزووی دڕکان چزا بێ؟
هەڵبەتە ئەوەی عاشقی گوڵ بێ
دەست بۆ گوڵ بەرێ
دەبێ لە ماڵی گوڵدا
بە برینداری بچێتە دەرێ.

(٢)

لە سیلەی دەرگەوە وەدیار کەوت
جوانیی لێ دەڕژا
لە جۆگەلەی بەردەمیدا
وردە بڵۆقی ئاوی ڕۆشنا
سەراودووی یەکتریان دەنا
باقوبریقی ئەو ڕووناکییە
دەستی بە ڕوومەوە وەنا.

(٣)

ئەوە بۆ ئەو کووپە چایەت ناخۆیتەوە
لە ناو دەستتدا ڕەق بووەتەوە
هۆشت لە کوێیە
هەڵدەشاخێی، یان شۆڕ دەبییەوە؟!
ـ ڕاست دەفەرمووی
سەیری ڕووگەی ئەو چایەی نێو کووپەکە دەکەم
وێنەی خۆشەویستەکەمی بە سەرەوەیە
چۆن بەو کەوچکەوە تێکیدەم
لە پێش چاوەکانمدا لاییەم؟



(٤)

دەریا دەریا
شەپۆلێک لە شەپۆلەکانی هەناردە کەنار
ئەو کلێنکسە تەڕەی بۆ بهێنێ
کە بە فرمێسکی کچێک تەڕ بووە
دەریا مەبەستی بوو لێی ورد بێتەوە
وەک دەیان چیرۆکی تراژیدی جێماوی سەر کەنار
بیانخوینێتەوە.

(٥)

من دەزانم ئەگەر تاڵ بم ، دەمتفێنییەوە
خۆ ئەگەر شیرین بم، ئەو تامە ناکوژێ
شەکرەشت هەبێ
تا لێوەکانم وشک دەکەیت هەر دەیمژی.

(٦)

لە گوێچکەی گوڵێک ڕادەمێنم
گوارە ئاڵتونییەکەی گەڵایە
لەرە لەریشی لەگەڵ نەغمەی بایە
ژێر پێستی گەڵاکەیش
ڕیشاڵی ورد وردی تیایە
دەڵێی دەمارە وردیلەکانی
ژێر گۆنا پەمەییەکەی تۆیە
خوێن بە نێویاندا گوزەر دەکات
تا شێوەت لە ناخمدا
وروژان و خروشانێک بەرپا بکات.